پارێزگای هەولێر هۆشداری دەداتە کاسبکارانی بازاڕە میللییەکان



بەپێی راگەیاندراوێگی پارێزگای هەولێر، ئەمڕۆ دووشەممە (27ـی ئایاری 2024)، بەسەرپەرشتی ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر، ئامادەبوونی هەمن قادر و مەسعوود کاەش، جێگرانی پارێزگار و ئەکرەم ئەحمەد، یاریدەری پارێزگار و نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر و کارزان هادی، سەرکی شارەوانی هەولێر، ژمارەیەك بەرپرسی پەیوەندیدار کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە لابردن و نەهێشتنی زیادەڕەویی، لە بازاڕە میللییەکانی شاری هەولێر بەڕێوەچوو.

پارێزگاری هەولێر رایگەیاند: "لەپێناو ڕێگریکردن لە دروستبوونی ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە و دروستبوونی کارەساتی گەورە، پێویستە ڕووبەڕووی هەموو جۆرەکانی زیادەڕەویی لە بازاڕە میللییەکان ببنەوە و کە دەبنە هۆکاری زیانگەیاندن بە سەرو ماڵی هاووڵاتیان و کاسبکاران، بەتایبەت لە ئێستادا کە بەرەو وەرزی هاوین و گەرما دەچین".

ئاماژە بۆشکراو، ئومێد خۆشناو جەختی کردەوە، پێویستە لێپچینەوە یاسایەکان لەبەرامبەر هەموو شێوازکی زیادەڕەویی بگیرێتە بەر و لە ئەمڕەوە چاوپێشی لە هیچ کەس و لایەنێک نەکرێت.